# بەرەو پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان

تۆژینەوەیەک سەبارەت بە گرفتە پراکتیکییەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

**نووسینی**

**د. دانا سەعید سۆفی**

ئەندامی خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان

سەرۆکی ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان

**ناوی کتێب: بەرەو پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان**

**نووسینی: د . دانا سەعید سۆفی**

**تیراژ: ٥٠٠ دانە**

**دیزاین:**

**چاپی یەکەم ٢٠١٤**

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری
دەزگای وێستمنستەر بۆ دیموکراتی – بەریتانی WFD ئامادەکراوە
لە چوارچێوەی پرۆگرامی پشتیوانی و هاوکاریکردنی
سەنتەری تۆژینەوەی پەرلەمانی کوردستان

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١. پێشەکی | ٥ |
| ٢. مەبەستی تۆژینەوە | ٥ |
| ٣. زەرورەتی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ | ٦ |
| ٤. مێتود و کەرەسەی تۆژینەوە | ٧ |
| ٥. **گرفتەکانی پەیڕەوی ناوخۆ لە روانگەی پەرلەمانتارانەوە** | ٨ |
| ٦. **پێشنیاری پەرلەمانتاران بۆ پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ** | ٨ |
| ٧. پۆلێنکردنەوەی گرفتەکان | ٩ |
| **٨. گرفتی کات و بێ پلانی** | ٩ |
| خشتەی نەگۆڕی کارکردن | ١٠ |
| کاتی دیاریکراوی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا | ١٠ |
| **٩. گرفتی رێکارەکانی دەرکردنی یاسا** | ١١ |
| تەنیا دوو خوێندنەوە! | ١١ |
| لێک جیانەکردنەوەی پرۆسەی گفتوگۆکردن و دەنگدان | ١١ |
| **١٠. گرفتەکانی پەیکەری کارگێڕی و دەسەلاتەکان** | ١١ |
| دەسەلاتی زۆری سەرۆکایەتی پەرلەمان | **١٢** |
| دەسەلاتی کەمی لێژنەکانی پەرلەمان | **١٢** |
| ١١. **پێشنیار و راسپاردەکان** | ١٣ |

| | |
|---|---|
| زیادکردنی خوێندنەوەی سییەم | ١٣ |
| پۆلێنکردن و دیاریکردنی کاتی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا | ١٤ |
| خشتەی نەگۆڕی کارکردن | ١٤ |
| پێکهێنانی دەستەی باڵای پەرلەمان | ١٥ |
| کاتبەندی و ریزبەندی بۆ گفتوگۆکردن | ١٥ |
| نەهێشتنی نیساب بۆ دانیشتنی گفتوگۆکان | ١٥ |
| پێناسەکردنەوەی ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەکان | ١٦ |
| گۆڕینی ئەرکی لیژنەی یاسایی | ١٦ |
| پێناسەکردنەوەی ئەرک و  پێگەی فراکسیۆنەکان | ١٧ |
| دیاریکردنی پەیوەندی دەزگاکانی چاودێریی بە پەرلەمانەوە | ١٧ |
| زیادکردنی ئەرکی چوارەمی پەرلەمان، بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە | ١٨ |
| ڕێسای ئاکاری پەرلەمانتاریی | ١٨ |
| **١٢. کۆتایی** | ١٩ |
| **١٣. سەرچاوەکان** | ٢٠ |
| دۆکیومێنت | ٢٠ |
| دیدار و گفتوگۆ | ٢٠ |
| سەرچاوەی ئەلیکترۆنی | ٢٠ |

## ١. پێشەکی

وەک زانراوە کاروبارەکانی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆکەی ڕێکدەخرێت، بۆیە ئەگەر ئەو پەیڕەوە کەموکورتی وگرفتی تیابێ، ئەوا کاریگەری نێگەتیڤی دەبێ لەسەر ئەدای پەرلەمان بە شێوەیەکی گشتی. ئەمەش لەبەرئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تەنیا باس لە پێکهاتەو هەیکەلی پەرلەمان ناکا، بەڵکو شێوازی ئێشکردنی لێژنەو فراکسیۆنەکان، دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی ولێژنەکان، پێشکەشکردن وگفتوگۆکردنی پڕۆژەیاساکان، میکانیزمەکانی بڕیاردان وبەدواداچوون ولێپرسینەوە، پەیوەندی نێوان پەرلەمان وحکومەت، ئەمانە هەموویان لەپەیڕەوی ناخۆی پەرلەمان ڕێکخراون. بەشێکی زۆری ئەو بوارانەی کە ناوبران لە پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕۆڵ و ئەرکەکانی پەرلەمان ڕێک نەخراون.

دیارە مەبەستی من ئەوە نیە کاتێ پەرلەمانی کوردستان گرفتی بنەمایی و پیشەیی هەیەو ئەدای وەک پێویست نیە، ئەوا دەبێ لۆمەی پەیڕەوی ناوخۆکەی بکەین. بەرای من لاوازیی پێگەی پەرلەمان وەک مەرجەعێک بۆ یەکلایی کردنەوەی پرسە گرنگەکان، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەزگای ئەلتەرناتیڤ و بەدامەزراوەیی نەبوونی پەیوەندی نێوان دامودەزگاکانی هەرێم لەلایەک وبە دامەزراوەیی نەبوونی پەیوەندی نێوان حیزب و پەرلەمان لەلایەکی تر. بەهەرحاڵ ئەمە باسێکی ترە، بەڵام پەیڕەوێکی ناوخۆی هاوسەنگیش فاکتەرێکی پۆزەتیڤە بۆ باشترکردنی ئەدای پەرلەمان. بۆیە لەو سۆنگەیەوە گرنگە پەرلەمانی کوردستان، ڕاستییەکەی هەر پەرلەمانێک، کە دامەزراوەیەکی گرنگی دیموکراتی و گەمەی سیاسییە، پەیڕەوێکی ناوخۆی هەبێ کە دەرەقەتی ئەرک و وەزیفەکانی پەرلەمان بێ لەرووی یاسادانان، چاودێری و کارگێڕییەوە، بەشێوەیەک کە پەرلەمان بتوانێ لە ئاست چاوەڕوانییەکان بێ و هەیبەت و پێگەی ڕاستەقینەی خۆی هەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دامودەزگاکانی تری وڵات.

## ٢. مەبەستی تۆژینەوە

مەبەست لەم تۆژینەوەیە زەمینەسازییە بۆ پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان تا لەرێیەوە بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەشێوەیەکی شایستە جێبەجێ بکات. واتە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە پەرلەمان بتوانێ رۆڵی دیموکراتییانەو سیاسییانەی خۆی وەکو دامەزراوەیەک بگێڕێ، ئەمەش لەڕێی بوونی میکانیزمی گونجاو بەو ئەرکانەی کە پەرلەمان هەیەتی و هەروەها گونجاو بەو چاوەڕوانیانەی کە هاوڵاتیان لە پەرلەمان هەیانە. دیموکراتی لە هەر کۆمەڵگایەک نوقسان دەبێ ئەگەر پەرلەمان نەتوانێ وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمە بێجگە لەوەی کە هەر دەزگایەک کاروبارە ناوخۆییەکانی خۆی و پەیوەندییەکانی بەدەرەوەی خۆی بەشێوەیەکی سیستماتیک و چالاکانە ڕێک نەخات، ناتوانێ رۆڵی یاسایی و چاوەڕوانکراوی خۆی بگێڕێت. لە قازانجی پەرلەمان و کۆمەڵگایە ئەگەر پەرلەمان ئەدای باش بێ و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

وەک ناسراوە پەرلەمان چەند ئەرکێکی سەرەکی هەیە:

١. یاسادانان بۆ سەرجەم بوارەکان و دامودەزگاکانی وڵات.

٢. چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، (هەرچەندە لە یاسای ژمارە ٣ ی ٢٠٠٩ ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان وەکو چاودێر بەسەر ئەنجومەنەوە رۆڵی پێدراوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر ئاستی پارێزگا رۆڵی پەرلەمان دەبینێ نەوەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن).

٣. پەسەندکردنی بودجەی وڵات.

٤. هەروەها بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات، ئەم ئەرکەی دوایی لە پەیڕەوەی ناوخۆی ئێستای پەرلەماندا ئاماژەی پێنەکراوە، کە دەکرێ وەک کەلێنێکی گەورە تەماشای بکرێ. لەوانەیە بیانویەک بۆ ئاماژەنەدان بەو ئەرکە ئەوە بێ کە لەدەسەڵاتی هەرێمی فیدراڵ دانیە ئەو رۆڵە وازی بکات، بەڵام لە پراکتیکدا

هەرێمی کوردستان پەیوەندی جۆراوجۆری بە ولاتانی دەرەوە هەیە و پەیڕەوەی لەسیاتەیکی تایبەت کردووە لەگەڵ دراوسێکانی و لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق، کەوابێ دەبێ پێگەی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی دیاربێ لە داڕشتنی ئەو سیاسەتانە، ناکرێ پەرلەمان وەک دەزگایەکی چاودێری و نوێنەری هاوڵاتیان بەدەر بێ لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە کە کاریگەری لەسەر چارەنووسی هەرێم و هاوڵاتیانی هەیە. لە بەشەکانی داهاتوودا و بەتایبەت لە خستنەرووی گرفتەکانی بەردەم پەرلەمان زیاتر گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە دەکەین.

لەرێی لێکۆڵینەوە لە گرفت و کۆسپە یاسایی و پراکتیکییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر ئاستەکانی دەزگاو لێژنەو ئەندامانی، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی رێگەچارەو پێشنیاری گونجاوە بۆ رێکخستنەوەی کاروبارەکانی پەرلەمان بۆ ئەوەی پێگەی راستەقینەی خۆی پێبدرێتەوە و رۆڵی راستەقینەی خۆی بگێرێ. دیارە ئەم توێژینەوەیە بریتی نیە لە ئامادەکردنی پرۆژەی پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵکو خستنەرووی گرفتەکانی پەیڕەوی کارپێکراوەو هەروەها خستنەرووی هەندێ پێشنیارە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکییەکان، بە واتایەکی تر ئەم توێژینەوەیە پێمان دەڵێ پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ و گونجاو بۆ پەرلەمانی کوردستان دەبێ چۆن بێ و چی لەخۆ بگرێ، بنەماکانی پەیڕەوێکی سەرکەوتوو چییە، نەوەک ماددەو برگەکانی چین.

ئەم توێژینەوەیە بۆ سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان ئامادەکراوە لەسەر راسپاردەی دەزگای وێست مینیستەر بۆ دیموکراتی ـ بەریتانی، لە چوارچێوەی هاوکاری و پشتیوانیەکانی دەزگای ناوبراو بۆ تواناداركردنی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان، تاکو ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ پەرلەمان و پەرلەمانتارانی کوردستان.

## ٣. زەرورەتی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ

لەسەرەتای خولی سێهەمی پەرلەمانەوە تێگەیشتنێک و کۆدەنگیەک هەیە لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان سەبارەت بەزەرورەتی گۆڕینی پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمان دوای درککردن بە کێماسییەکانی لە پراکتیکدا، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەم پەیڕەوەی ئێستا کاری پێدەکرێ بەشێکی زۆری لە پەیڕەوەی ناوخۆی ئەنجومەنی یاسادانانی سەردەمی رژێمی بەعس وەرگیراوە. بەڵام ئەمە جێی پرسیارە کە تا ئێستا نەتوانراوە پەرلەمانی کوردستان پەیڕەوێکی نوێی هەبێ، کە لەگەڵ رۆڵی چاوەڕوانکراوی پەرلەمان بگونجێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆنتێکستە سیاسییە نوێیە بگونجێ کە سەری هەڵداوە دوای دروستبوونی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ و دواتریش دوای رووخانی رژێمی سەدام و رێکخستنەوی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراق بەشێوەیەکی نوێ.

شتێکی دیکەی جێی پرسیار ئەوەیە کە هەر پرۆژە یاسایەک کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ لەپەرلەمان پێویستە بخرێتە بەردەم پەرلەمانتاران و ئاراستەی لێژنەکان بکرێ بۆ دیراسەکردن ونووسینەوەی راپۆرت، پرۆژەیەک بۆ پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمان لە خولی سێهەم خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەڵام بەبێ ئەوەی بخرێتە بەردەستی پەرلەمانتاران و لێژنەکان. ئەمە لەکاتێکدا پەرلەمان یاسا بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی هەموو وەزارەتەکان دەردەکات، بەڵام ناعەقلانیەتەکە لەوەدایە کە تا ئێستا پەرلەمان نەیتوانیوە پەیڕەوە لەکارکەوتووەکەی خۆی هەموار بکات یان پەیڕەوێکی نوێ بۆ خۆی دابڕێژێ تا کاروبارەکانی خۆی باشتر پێ رێکبخات ودواجار بتوانێ بەشێوەیەکی هاوسەنگتر یاساکانی دابڕێژێ وچالاکانەتر چاودێری جێبەجێکردنی یاساکان بکات.

لە خولی سێهەمی پەرلەمان و ئێستاش لە خولی چوارەمی دا لێژنەی تایبەت بە پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ دروست بووە (لە ٢٠١٤/٦/١٦ بە بڕیاری ژمارە ١٠ ی پەرلەمانی کوردستان)، هەروەها بێجگە لە پەرلەمانتاران، بەشێکی زۆر لە چاودێران پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ پەرلەمان بە گرنگ دەزانن، هەموو

ئەمانە ئاماژەیکی دروستن بۆ زەرورەتی گۆڕین و داڕشتنەوەی ئەو یاسایەی کە کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان ڕێک دەخات، واتە گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆکەی.

## ٤. میتۆد و کەرەسەی تۆژینەوە

سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕاپۆرتە، ئەو دۆکیومێنتانەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، بەشێوەیەکی سەرەکیش پەیڕەوی ناوخۆکەی، هەروەها هەموو ئەو نووسراو و دۆکیومێنتانەش کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پەیڕەوی ناوخۆ و ئەدای پەرلەمانەوە هەیە، لێرە بەکارهاتوون و لە کۆتایی ئەم تۆژینەوەیە، لە بەشی سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکراوە. سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی ئەم تۆژینەوەیە ئەزمونی چوار ساڵی کارکردنی پەرلەمانتاری خۆم و لێوردبوونەوەی خۆمە لە کاروبارو ئەداو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەهەمان کاتدا ڕاوبۆچوونی بەشێک لە پەرلەمانتاران لە فراکسیۆنە جیاوازەکان سەبارەت بە گرفتەکانی پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای پەرلەمان وەرگیراوە، هەروەها لە گفتوگۆکاندا باس لە چارەسەریی و پێشنیارەکانیش کراون. بەهەمان شێوە دیداری ڕووبەڕوو یان لەڕێگەی تەلەفۆن لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی لێژنەی پەیڕەوی ناوخۆ لە خولی سێهەم (خولی پێشوو) و خولی چوارەم (خولی ئێستا) ئەنجام دراوە، ئەمە بێجگە لە کۆبوونەوە و دیدار لەشێوەی فۆکەس گروپ لەگەڵ لێژنەی ئێستای پەیڕەوی ناوخۆ لە پەرلەمان. دیدارەکان بەدوکیۆمێنت کراون و ناوی پەرلەمانتارەکان لە کۆتایی ئەم تۆژینەوەیە لە بەشی سەرچاوەکان تۆمارکراوە.

لەم تۆژینەوەیەدا، بەهەمان شێوە، سوود لە ئەزمونی نێودەوڵەتیش وەگیراوە، بە تایبەتیش ئەو مۆدێلە جیاوازانەی کە باس لە پرۆسەی داڕشتنی یاساکان شێوازەکانی چاودێری کردن دەکەن، بەتایبەتی مۆدێلەکانی وێستمینیستەر و ئەمریکی، هەروەها سکەندیناڤیش. بەهەمان شێوە سوود لە ڕاپۆرتی هەندێ لێژنەی پەرلەمانی وەرگیراوە کە وەک دەرئەنجامێکی سەردانە زانستییەکانیان بۆ پەرلەمانی وڵاتانی دەرەوە پێشکەش بە پەرلەمانیان کردووە. دەرئەنجامەکانی ئەم تۆژینەوەیە بەراورد کراوە بە هەندێ تێبینی و ڕاسپاردە کە شارەزای بیانی لەسەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوەی بەریتانی وێستمینیستەر فاوندەیشن بۆ دیموکراتی سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئامادەیان کردووە، ئەمەش بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لەڕاستی و دروستی شیکردنەوەکان و لە هەمان کاتیشدا بۆ دڵنیا بوونەوە لەوەی تا چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەم تۆژینەوەیە لەگەڵ پێوەرو مۆدێلە نێودەوڵەتییەکان گونجاون.

دواجار دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی ئەم تۆژینەوەیە لە ٣٠ / ١١ / ٢٠١٤ لە سیمینارێکی تایبەت دا بۆ لێژنەی پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان خرایەڕوو و گفتوگۆ کرا. ئەمەش بەمەبەستی دڵنیا بوونەوە لە دەرئەنجامەکان و گەیاندنی دەرئەنجامە سەرەتاییەکان بە لێژنەی ناوبراو بۆ جێکردنەوەیان لە پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرکییەکانی ئەم تۆژینەوەیە.

دواجار دەبێ ئاماژە بەوە بدەم کە لە هەموو بەشەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا بێ لایەنانە زانیاری و داتا کۆکراوەتەوە و ڕاڤەو لێکدانەوەیان بۆ کراوە و خراونەتەڕوو، واتە بە شێوەیەکی بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم زانیاریەکان کراوە، بێگومان سود لە ئەزمونی تایبەتی خۆم وەرگیراوە، بەلام نەک بەبێ لێکدانەوە و شیکردنەوەی بابەتییانە، نەک بەبێ بەڵگەو پاڵپشت.

بەشە جیاوازەکانی ئەم تۆژینەویە لێرە بەدواوە بەم شێوەیە ڕێکخراوە؛ سەرەتا پوختەیەک سەبارەت بە گرفتەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ڕوانگەی پەرلەمانتارانەوە دەخرێتە ڕوو، دواتر پوختەی پێشنیاری پەرلەمانتاران بۆ پەیڕەوێکی نوێ یان چارەسەری بۆ گرفتەکان دەخرێتە ڕوو. دواتر لە بەشێکی شیکاریدا گرفتەکان پۆلێن دەکرێنەوە و دابەش دەکرێنە سەر چەند کاتیگۆرییەکی سەرەکی و بۆ ئەوەی باس لە سەرچاوەی گرفتەکان بکەین، بە تایبەتیش گرفتەکانی کات وریکارەکانی دەرکردنی یاساکان، هەروەها ئەو گرفتانەش کە پەیوەندیان بە پیکەری کارگێڕی و دەسەلاتەکانەوە هەیە. دواجار چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەک دەخرێنەڕوو کە دەکرێ ببنە بنەما بۆ پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان.

## ٥. گرفتەکانی پەیڕەوی ناوخۆ لە روانگەی پەرلەمانتارانەوە

ئەو پەرلەمانتارانەی کە من دیدارم لەگەڵ سازداون هەموویان لەو باوەڕەدان کە پەرلەمان پێویستی بە پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێیە یان هیچ نەبێ پەیڕەوە کۆنەکە هەموار بکرێ و دەوڵەمەند بکرێ. هەر یەک لەو پەرلەمانتارانە ئاماژەیان بە گرفتەکانی ناو پەیڕەوی ئێستای پەرلەمان داوە، کۆمەڵێک گرفت بە هاوبەشی ئاماژەی پێدراوە، ئەگەر باس لە گرفتە سەرەکییەکان بکەین یان ئەوانەی کە زۆربەی پەرلەمانتاران ئاماژەیان پێکردووە و بریتین لە ١٠ گرفتی سەرەکی، کە ئەمانەن:

١. نەبوونی پێناسەی دروست و ورد بۆ فراکسیۆن

٢. ئەرک و مەهامی لێژنەکان دیاری نەکراوە

٣. هەیکەلی کارگێڕی پەرلەمان ناروونەو کێماسی تێدایە, دیار نیە راوێژکار و شارەزاکان لە سەر چ بنەمایەک دادەنرێن

٤. میکانیزمەکانی لێپرسینەوە وناردنی پرسیار لاوازن، چاودێری کردن بە گشتی گرفتی هەیە

٥. دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆرن

٦. پەرلەمان جەدوەلی سابتی ئیشکردنی نیە

٧. ئەرکەکانی لێژنەی یاسایی نامەعقولە

٨. پرۆسەی داڕشتنی یاساکان، خوێندنەوەکانی پڕۆژەیاساکان، ناکامڵن

٩. پێگەی پەرلەمان لە بەرامبەر دامودەزگاکانی وڵات لاوازە

١٠. میکانیزمێک نیە بۆ پێشکەشکەدنی جۆری پڕۆژەکان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە

ئەم گرفتانەی کە ئاماژە پێکراون لەلایەن پەرلەمانتارانەوە هەموو بوارەکان و هەموو ئەرکەکانی پەرلەمان دەگرێتەوە، هەروەها ئاماژەیەکیشە بەوەی کە ئەو پەیڕەوەی کاری پێدەکرێ و ئەو نەریت و عورفە پەرلەمانییەی کە پەیڕەوی لێکراوە تا رادەیەکی زۆر لەکارکەوتووە.

## ٦. پێشنیاری پەرلەمانتاران بۆ پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ

دیارە هەنگاوی یەکەم بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، دەستنیشان کردنی گرفتەکانە. هەر لەو روانگەیەوە هەر پەرلەمانتارەو پیشنیاری خۆی خستەروو بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لەو گرفتانەی کە خۆیان ئاماژەیان پێیکردبوو، هەندێ جاریش پێشنیارەکان لەوانەیە چارەسەری راستەوخۆ نەبووبن بۆ گرفتە باسکراوەکان، بەڵام پێشنیاری پەرلەمانتارەکان نیشانەی خواستی ئەوانە بۆ کارکردنی پەرلەمان بە شێوازێکی دیکە، جیاواز لەوەی تا ئێستا کاری پێکراوە. پێشنیارە سەرەکییەکانی پەرلەمانتاران لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە:

١. فراکسیۆن لە ٥ یان ١٠ کەس کەمتر نەبێ، پێگەی فراکسیۆن بەهێز بکرێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لێژنەکان بە روونی دیاری بکرێ

٢. دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان خەسڵەتی بەڕێوەبردنی پێبدرێ، نەک سیادی، واتە دەسەڵاتەکانی کەم بکرێتەوە

٣. هەیکەلیەی پەرلەمان پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، لە پەیڕەودا بنووسرێ چەند راوێژکار و شارەزا و بەڕێوەبەر پێویستن، چۆن دادەنرێن و بۆچ شوێنێک پێویستن

٤. پێداچوونەوە بە ئەرکی لێژنەی یاسایی بکرێ، ئەرکیان کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی راپۆرتەکان درەنگ نەکەون

٥. خوێندنەوەی سێیەم زیاد بکرێ و تایبەت بێ تەنیا بە دەنگدان

٦. پەرلەمان خشتەی نەگۆڕی کارکردنی هەبێ بۆ هەر هەفتەیەک و هەر وەرزێکی یاسادانان

٧. میکانیزمێک دابنرێ بۆ پێشکەشکردنی پڕۆژە یاساکان، لە کاتێکی دیاریکراو و بە پۆلێنکارییەوە

٨. لیژنەیەکی یان ئەنجومەنێکی باڵای پەرلەمان پێکبهێنرێ، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، هەروەها ئەمینداری گشتی دیوان (بڕوانە خوارەوە خاڵی ٩) ئەرکیان دانان یان پەسەندکردنی بەرنامەی کار و هەندێ پرسی تر بێ

٩. لەبری بەڕێوەبەری گشتی دیوان، ئەمینداری گشتی دیوان لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێت، نەک لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە

١٠. دەسەڵاتی لیژنەکان زیاد بکرێ، پێش ئەوەی وەزیرەکان دابنرێن، لە لیژنە پەیوەندیدارەکان پرسیاریان لێ بکرێت، لیژنەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ، راستەوخۆ بتوانن موخاتەبەی وەزیر و وەزارەتەکان بکەن، بانگهێشتی وەزیر بکەن، بۆیان هەبێ پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن

دواجار دەمەوێ ئەوە بڵێم کە خستنەرووی ١٠ گرفت و ١٠ پێشنیار بە رێککەوت بووە و بە زەرورەت پێشنیارەکان چارەسەری پێسنیارکراو نین بۆ زنجیرەی گرفتەکان.

## ٧. پۆلێنکردنەوەی گرفتەکان

بۆ ئەوەی بتوانین دەرئەنجامی باش لەو توێژینەوەیە بەدەست بێنین، پێویستە بەشێوەیەکی مەنهەجی ئەو گرفتانەی پەیڕەوی ناوخۆ کە باسکران پۆلێن بکرێن و بیانگێڕینەوە بۆسەرچاوەو بنەمای گرفتەکان، بۆ نمونە دەتوانین گرفتی نەبوونی جەدوەلی نەگۆڕ (ژمارە ٦) و گرفتی نەبوونی میکانیزمێک بۆ پێشکەشکردنی جۆری پرۆژەکان (ژمارە ١٠) پەیوەندی راستەوخۆیان بە گرفتی کاتەوە هەبێ کەلایەن پەرلەمان و لە پەیڕەوەکەی گرنگیان پێنەدراوە.

## ٨. گرفتی کات و بێ پلانی

### خشتەی نەگۆڕی کارکردن

دوای ئەزموونی چوار ساڵیی پەرلەمانتاریم ٢٠٠٩ تا ٢٠١٣، چەند گرفتێکی دامەزراوەیی و دامودەزگایی کە بەسەر کاروبارەکانی پەرلەماندا زاڵە سەرنجی راکێشاوم، لەمانە لەدەستدانی کات و بێپلانی، کە وایکردووە پەرلەمان ناچالاک وکەم بەرهەم بێ و یاساکانیشی زۆر هاوسەنگ نەبن. پەرلەمانتاران و پەرلەمان تا ئێستا ناتوانن کاتەکانی خۆیان کۆنترۆل بکەن و بەویستی خۆیان دابەشی بکەن، لەبەرئەوەی تەنانەت بەرنامەی داهاتوویان بۆ هەفتەیەکیش نازانن، نازانن بەرنامەی کاری دانیشتەنەکانی پەرلەمان چۆن دەبێ، ئەگەر بەرنامەی کاریش رابگەیەندرێ نازانن چەند بەردەوام دەبێ. لە رۆژێکدا نازانن دەبێ چەند گفتوگۆ بکەن. هەندێ رۆژ و هەندێ هەفتە بێکارن، هەندێ رۆژ پازدە سەعات گفتوگۆی پەرلەمان هەبووە، هەندێ جار رۆژوشەویان تێکەڵ دەبێ، یەکێک لەدانیشتنەکانی پەرلەمان خولی سێهەمدا لە دەی بەیانیەوە تا دوو ونیوی شەو درێژەی کێشا. هەندێ جار لە رۆژانی دەوام دانیشتنی پەرلەمان نەبووە، کەچی لە رۆژانی پشوو دانیشتن هەبووە. ئیدی ئەمە ئاماژەی ئەوەیە کە پەرلەمان نەیتوانیوە سەرمایەگوزاری لەسەر کات بکات و بەشێوەیەکی عەقلانی مامەڵەی لەگەڵ بکات، مامەڵەی ئێمە لەگەڵ کات بێپلانیی و بێئەزمونی ئێمە نیشاندەدات.

نادیاریی لە کات ئەندامانی پەرلەمانی تووشی دڵەڕاوکێ و بێپلانیی کردووە کە نەتوانن بەشێوەیەکی سیستماتیک سوود لە کاتەکانیان وەربگرن. لەو دڵەڕواکێیەی کاتدا نەک هەر کاتێکی زۆر بەهەدەر دەچێ، بەڵکو ناتوانرێ کاتی تەواویش بدرێ بە پرس و پرۆژە جیاوازەکان، هەر بۆیە راپۆرت و گفتوگۆ و یاسا و چالاکییەکانی دیکەی پەرلەمانتاران کەموکورتی زۆری پێوەدیارە. بۆ من پەیڕەوی لە کات واتە پەیڕەوی لە یاسا. دیارە گرفتی کات بەهەمان شێوە لە خولی چوارەمیش بەردەوامی هەیە.

کاتی دیاریکراوی پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسا

گرفتێکی دیکەی پەرلەمان کە پەیوەندی بە ڕێکنەخستنی کاتەوە هەیە وادەی پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکانە، پەرلەمان هیچ کاتێکی دیاریکراوی نیە بۆ پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکان چ ئەوانەی لەلایەن حکومەتەوە دێن چ ئەوانەی لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان واژۆ دەکرێن. ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پڕۆژەیاسای بودجە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر دەبێ پێشکەش بکرێ و پێش کۆتایی ساڵ بڕیاری لەسەر بدرێ. وەک دەزانین داهاتی وڵات لەڕێی یاسای بودجەوە بەسەر سێکتەرو بوارە جیاوەزەکاندا دابەشدەکرێ، مووچەی کارمەندان و خەرجی پڕۆژەو دامودەزگاکانیش هەر لەوێ دیاریدەکرێ، واتە دەرفەتی زیاتر نامێنێ بۆ حکومەت کە سیاسەتێکی دیکەی ئابوری پیادە بکا لەم ساڵەدا بەغەیری ئەوەی کە لە یاسای بودجەدا هاتووە. بەڵام زۆرجار لەپەرلەمان دوای پەسەندکردنی بودجەش یاسای دیکە پەسەندکراوە کە پابەندبوونی دارایی تیابووە، واتە پێویستی بە بودجەو تەرخانکردنی پارە بووە. بۆیە زۆرجار ئەو یاسایانەی کە پابەندبوونی ماددیان هەیەو دوای یاسای بودجە پەسەند دەکرێن، ناتوانرێ جێبەجێ بکرێن، یان ئەگەر جێبەجێش بکرێن ئەوا لەسەر حیسابی هەندێ بواری تر دەبێ کە لەیاسای بودجەدا هاتووە. پرسیارەکە لەوەدایە، ئایا ئەمە لۆجیکی تیایە، ئایا ئەم بودجەیە چۆن دەستەبەردەکرێ لەکاتێکدا داهاتی وڵات بەپێی یاسای بودجە پێشوەخت بەسەر بوارە جیاوازەکاندا دابەشکراوە، بێجگە لەمانە ئایا ئەم یاسا تازەیە تا چەند لەگەڵ سیاسەتی ئابوری حکومەتدا دەگونجێ کە لە یاسای بودجەدا هاتووە.

دیارە وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە ناعەقلانیەتێکی گەورە لەو پرۆسێسەدا هەیە. ئەمە پێمان نیشان دەدات کە پڕۆژەیاساکان پۆلێن ناکرێن و بەپێی ئەوانەی پابەندبوونی داراییان هەیە و ئەوانەی نیانە، هەروەها کاتێکی دیاریکراویش نیە بۆ پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکان بەشێوەیەک کە بگونجێنرێن لەگەڵ یاسای بودجە و وەرزەکانی یاسادانانی پەرلەمان.

گرفتێکی دیکەی نەبوونی کاتێکی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکان ئەوەیە کە پەرلەمان ناتوانێ کاتێکی دیاریکراو تەرخان بکا بۆ تاوتوێکردنیان و وەرزی یاسادانانی بەشێوەیەکی سیستماتیک دابەش بکا و خشتەیەکی پێشوەختە بۆکارو چالاکییەکانی دابڕێژێت بۆ بەرچاوڕوونی پەرلەمانتاران و حکومەت و رای گشتیش. بۆیە سەیرنیە کە هەندێ پڕۆژەیاسا بە ساڵ دەمێننەوە لە پەرلەمان بەبێ ئەوەی تاوتوێ بکرێن، ئەمە لەکاتێکدا هەندێ پڕۆژەیاسا لەماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا دەبن بە یاسا.

## ٩. گرفتی ڕێکارەکانی دەرکردنی یاسا

تەنیا دوو خوێندنەوە!

گرفتی ئەوەی کە پڕۆژەیاساکان بەپێی کاتبەندی کاریان پیناکرێ و نادیاری لە ئەولەویەت پێ بەخشین هەیە، دەمانباتەوە بۆ گرفتێکی دیکەی بنەمایی لەپەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا، ئەمیش میکانیزمی دەرکردنی یاسایە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دوای خوێندنەوی یەکەم لە هۆڵی پەرلەمان پڕۆژەیاساکان ئاڕاستەی لێژنە تایبەتمەندەکان دەکرێن، دوای نووسینەوەی ڕاپۆرتی لێژنەکان لە خوێندنەوەی دووەمدا پڕۆژەیاساکان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ و دەدرێنە دەنگدان. واتە یاساکانی پەرلەمان لەرێی دوو خوێندنەوە یان دانیشتنی پەرلەمان دەردەچوێندرێن، خوێندنەوەی یەکەم بۆ خستنەرووی پڕۆژەیاساکانە، خوێندنەوەی دووەم بۆ گفتوگۆکردن و دەنگدانە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەنێوانی هەردوو خوێندنەوەدا لێژنەکان ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بە پڕۆژەیاساکان دەنووسن.

ڕاپۆرتەکان زۆرجار باش لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناکرێ یان کۆدەنگیان لەسەر نیە بۆیە نابنە بنەمایەکی باش بۆ گفتوگۆکانی پەرلەمان. زۆر جار خوێندنەوی دووەم لە گفتوگۆی نێو لێژنەکان دەچێ، هەموو شتێک دووبارە دەبێتەوە، دانیشتنی پەرلەمان دەبێت بە کۆبوونەوەی لێژنەیەکی گەورە، لەکاتێکدا گرفتەکان دەبێ پێشوەخت لە لێژنەکان چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام بەداخەوە ڕاپۆرتی لێژنەکان بەزۆری کۆدەنگیان لەسەر نیەو

چارەسەریان تیا نیە بۆ گرفتی پرۆژەیاساکان، هەر بۆیە لە هۆڵی پەرلەماندا دوچاری گفتوگۆی بێکۆتایی دەبینەوە و هەندێ جار هەر لە گفتوگۆکانی پەرلەمان لە خوێندنەوەی دووەمدا چارەسەری خێرا بۆ گرفتی پرۆژەیاساکان دەدۆزینەوەو ماددەو برگەکانی یاساکان دادەڕێژرێن، هەر لەو کاتەشدا دەنگیان لەسەر دەدەرێ.

### لێک جیانەکردنەوەی پرۆسەی گفتوگۆکردن و دەنگدان

بە پێی لۆجیک، دەنگدان لەسەر ئەو برگەو ماددانەی کە لە دانیشتنی دووەمدا هەم گفتوگۆ دەکرێن وهەم دادەڕێژرێنەوە کارەساتێکی گەورەیە. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک. سەرەتا گفتوگۆی پەرلەمانێک کە سەدو یازدە ئەندامی هەیە ناتوانرێ بەباشی کۆنترۆڵ بکرێ بەپێی ئەو نەریتەی تا ئێستا پەیڕەوکراوە لە پەرلەمانی کوردستان. هۆکاری دووەم، بێجگە لە ئەندامانی لێژنەی تایبەتمەند بە پرۆژەیاساکان هەموو ئەندامانی تر بەشداری لە گفتوگۆکان دەکەن، بەمەش ریسکی ئەوە زیاد دەبێ کە نەشارەزاکانیش کاریگەریان لەسەر داڕشتنی یاساکان هەبێ. هۆکاری سێیەم پەیوەندی بەو ئەتمۆسفێرە هەیە لەکاتی گفتوگۆکانی پەرلەماندا دروست دەبێ، لەو کاتانە پەرلەمانتار لەبارێکی دەروونی جێگیر دانیەو لەژێر فشاری سۆزو دەوروبەری دایە. ئیدی لەبەرئەو سێ هۆکارەی باسم کرد کارەساتە لەهەمان دانیشتندا گفتوگۆو داڕشتن و دەنگدان لەسەر یاسایەک بکرێ، ئەم لەکاتێکدا ئەم یاسایە لەوانەیە پەنجا ساڵ کاری پێبکرێ، چۆن دەکرێ لەژێر فشاری دەروونی و بەکاریگەری خەڵکی نەشارەزا لەرێی دۆزینەوەی چارەسەری خێرا یاسایەک دەربچوێندرێ کە چارەنووس و ژیانی رۆژانەی هەموو خەڵکی پێوە بەندبێ. ئیدی ئەگەر ئەمە کارەسات نەبێ چییە.

## ١١. گرفتەکانی پەیکەری کارگێڕی و دەسەڵاتەکان

### دەسەڵاتی زۆری سەرۆکایەتی پەرلەمان

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەرۆک و جێگرێک و سکرتێرێک پێک دێ، ئەم پێکهاتەیە ناتونێ نوێنەرایەتی فراکسیۆنە سەرەکییەکانی ناو پەرلەمان مسۆگەر بکات، ئەمە لەکاتێکدا یەکێک لە وەزیفەکانی بوونی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ، بێجگە لە بەڕێوەبردنی پەرلەمان، مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتی لایەنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمانە تا ئاستی ئیمکان.

لەلایەکی تر ناونیشانی سکرتێری پەرلەمان لەگەڵ دەسەڵات و ئەرکەکانی ئێستای ناگونجێ. کارو ئەرکەکانی سکرتێری پەرلەمان، بەپێی پێوەر و ئەزمونە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی ئەرکە کارگێڕییەکان کۆدەبێتەوەو ئەمەش بە زەرورەت پێویست ناکا ئەندامێکی هەڵبژێردراوی پەرلەمان ئەو ئەرکە ئەنجام بدات. دەسەڵاتەکانی سکرتێری پەرلەمان، وەک ئەندامێکی دەستەی سەرۆکایەتی لە دەسەڵاتی جێگری، یان جێگری دووەمی پەرلەمان، دەچێ.

گرفتی پرسی نوێنەرایەتی لایەنەکانی ناو پەرلەمان قوڵتر دەبێتەوە لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان دەستەی باڵای یەن لێژنەیەکی باڵای نیە کە نوێنەری سەرجەم لایەنەکانی تیا بێ بۆ دانانی بەرنامەی کار و یەکلاکردنەوەی هەندێ پرسی دیکە، نەبوونی ئەو دەستە باڵایە ئەمە بێجگە لەوەی پێگەی ئەو لایەنانە لاواز دەکات کە بەشێک نین لە دەستەی سەرۆکایەتی، بەرنامەی کار و ئەولەویەت بەخشین بە پرۆژەو پرسەکان ناشەفاف دەبێ. بوونی دەستەیەکی باڵای پەرلەمانی کە لە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێک بێ، گرفتی نوێنەرایەتی و ناشەفافی چارەسەر دەکات. بەم شێوەیە کەمێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش کەم دەبێتەوە، چونکە ئەو کاتە دەستەیەکی هاوبەش دەبێ، کە بڕیار لەسەر بەرنامەی کار و ئەولەویەت بەخشینەکان دەدات.

## دەسەڵاتی کەمی لیژنەکانی پەرلەمان

لەبەر ئەوەی لیژنەکانی پەرلەمان بریتین لە پەرلەمانێکی بچوککراوە، بەو مانایەی نوێنەری هەموو لایەنەکانی تیایە بە گوێرەی ڕێژەی لایەنەکان لە پەرلەمان، هەروەها بە هۆی ئەو نوێنەرایەتییە ڕێژەییە هەمیشە بڕیارەکانی لیژنە وەک بڕیاری پەرلەمان تەماشا دەکرێن، بەپێی عورف لە زۆربەی پەرلەمانەکانی وڵاتان، بۆ نمونە پەرلەمانی سوید، ئەگەر زۆرینە لەسەر پرسێک یان پڕۆژەیاسایەک لە لیژنەیەکی پەرلەمانی بەدەست بێت، ئەمە وەک ئەوە وایە کە هۆڵی پەرلەمانیش زۆرینە بەدەست دێت، بۆیە ئەم بەرچاوروونیە کاری گفتوگۆ کردن و دەنگدان لەسەر پرس و پڕۆژەیاساکان لە هۆڵی پەرلەمان و بەشێوەیەکی گشتی ئاسانتر دەکات. بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان و بەپێی پەیڕەوەکەی دەسەڵاتێک دراوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان، کە زۆر جار دەبێتە هۆی گۆڕینی رای لیژنە، یان پێچەوانە بوونەوەی هەڵوێستی لیژنە، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی لیژنەکانی پەرلەمان.

ئاماژەیەک بۆ پەرلەمانی چالاک و چاک بوونی دەسەڵاتی زۆرە لای لیژنەکان، نەک لای سەرۆکایەتی پەرلەمان، چونکە ئەرکەکانی پەرلەمان بەپێی تایبەتمەندی بوار لای لیژنەکانی پەرلەمان جێبەجێ دەکرێن، نەک لای سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕێوەبردنی پەرلەمان و دانیشتنەکانێتی.

زۆربەی لیژنەکانی ئێستای پەرلەمان یەک کارمەندیان هەیە بەناوی سکرتێری لیژنە، لیژنەی یاسایی هەندێ کارمەندی زیاتری هەیە، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی کارەکانی پەرلەمان دەبێ لە لیژنەکان ئەنجام بدرێت. بۆ بەهێزکردنی پێگەی لیژنەکان و کارئاسانی بۆیان، پێویستە سکراتریەتی پەرلەمان هەبێ کە لانی کەم لە پێنج کارمەند و راوێژکاریک پێک بێ، لەناو کارمەندەکاندا لانی کەم دوو شارەزا هەبێت و سێ کارمەندەکەی تریش کاروباری کارگێڕی و پەیوەندییەکانی لیژنە لە ئەستۆ بگرن، واچاکە ئەو سیانە لەناویاندا یاساییەک، زمانەوانێک و ئیدارییەک هەبێ، ئەمە لە کاتێکدا ئەرکی راوێژکار و دوو شارەزاکە خستنەبەردەستی زانیاری و ئامدەکردنی راپۆرتەکانی لیژنە بێ. واتە ئێمە پێویستیمان بە بوونی سکرتاریەتی لیژنەکان هەیە ،نەک تەنیا سکرتێری لیژنەکان.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای پەرلەمان، لیژنەکان لەرێی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە موخاتەبەی حکومەت دەکەن، هەتا بانگهێشتی وەزیر بۆ لیژنەکان دەبێ لەرێی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێ. ئەمەش بەهێزترین فاکتەرە بۆ لاوازکردنی پێگەی لیژنەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ ناچالاک بوونی لیژنەکان، چونکە لەو نێوانەدا مێنگیرێک هەیە کە سەرۆکایەتی پەرلەمانەو هەندێ جارێش دەبێت بە دوو میانگیر چونکە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش دا تێدەپەڕێت تا خواستی لیژنە دەگاتە وەزارەتی پەیوەندیدرار، واتە کات و بیرۆکراتیەتێکی زۆر لەو نێوەندەدا هەیە کە وا دەکات ئەرکی چاودێریکردنی پەرلەمان و لیژنەکانی لاواز بێ.

لێرەدا پێویستە تێبینیەک کە تایبەتە بە لیژنەی یاسایی بخەینە روو. ئەرکی ئێستای لیژنەی یاسایی لە مەنتیق بەدەرە، چونکە دەبێ راپۆرت لەسەر هەموو پڕۆژەیاساکان بنووسی کە پیشکەش بە پەرلەمان دەکرێن، ئەمە لەکاتێکدا لیژنەکانی تر تەنیا راپۆرت لەسەر ئەو راپۆرتانە دەنووسن کە پەیوەندیدارە بەوان، واتە لیژنەی یاسایی بارتەقای هەموو لیژنەکانی تر ئەرکیان لە ئەستۆیە، بۆیە ناتوارێ وەک پێویست راپۆرتەکان لەکاتی یاسایی خۆیاندا ئامادە بن و پڕۆژەیاساکان ئیدی کەڵەکە دەبن. لەلایەکی تر کە لیژنەی پەیوەندیدار هەیە، ناکرێ ناوەڕۆکی پڕۆژەیاساکان دووبارە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ و دەسکاری بکرێن، لێرەوە هیچ مانایەک بۆ بوونی لیژنەی پەیوەندیدار نامێنێ. بۆ چالاک کردنی پرۆسەی دارشتنی یاساکان، پێویستە پێداچوونەوە بە ئەرکی لیژنەی یاسایی و هەموو لیژنەکان بکرێ و لە پەیڕەودا پێناسەیەکی ورد بۆ ئەرک و شێوازی کارکردنیان بکرێ.

پەیکەری بەڕێوەبردنی پەرلەمان بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە پێناسە و وردەکاری زۆر هەیە سەبارەت بە ئەرک و دەسەڵاتەکانیان، هەروەها پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی پەرلەمان، لەو رووەوە پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای پەرلەمان زۆر هەژارە. زۆر بەشی پەرلەمان هەر لە پەیڕەوی ناوخۆ ناویان نەهاتووە. سەنتەری

تۆژینەوەی پەرلەمان یەکێکە لەو بەشە گرنگانەی پەرلەمان کە پێویستە ئەرک و دەسەڵاتەکانی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر خواست و میزاجی ئەوانەی کە دەکەونە سەرووی سەنتەرەوە لە رووی بەڕیوەبردن و کارگێڕییەوە، بۆ ئەوەی سەنتەر بتوانێ بەپێی ئەرک و ئامانجەکانی کاربکا و ببێتە سەرچاوەو ئاسانکارییەکی فراوان بۆ پەرلەمانتاران و پەرلەمان. بەڵام وەک دەبینین بەپێی رەوشی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی ئێستای سەنتەری تۆژینەوە، ناتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکاو ئامانجەکانی بەدەست بێنێ. سەنتەری تۆژینەوە دەبێ پێگەی بەهێز بکرێ، بودجەی تایبەتی خۆی هەبێ و کۆمەڵێک توێژەر لەبواری جیاجیا کاری تیا بکەن بۆ ئەوەی بەراستی ببێتە سەنتەری توێژینەوە.

## ١٢. پێشنیار و راسپاردەکان

لێرەوە، دوای خستنەرووی گرفتە بنەماییەکانی شێوازی کارکردنی ئێستای پەرلەمان، من چەند پێشنیارێک دەخەمەروو بۆ گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای پەرلەمان بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە باسم کردو هۆکارەکەیشم گەڕاندەوە بۆ هەندێ ناوڕۆکی ئەو پەیڕەوە و هەندێ نەریتی پەرلەمانی کە تائێستا کاریان پێکراوە.

### زیادکردنی خوێندنەوەی سێیەم

بۆ ئەوەی یاساکانمان باشتر و هاوسەنگتربن، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی دووەمی پەرلەماندا لە یەک کاتدا گفتوگۆو داڕشتن و دەنگدان لەسەر یاساکان نەکەین، بۆ ئەوەی دووچاری چارەسەری خێرای دیراسەنەکراو نەبین، پێشنیار دەکەم کە میکانیزمی داڕشتنی یاساکان لە سێ خوێندنەوە یان لە سێ دانیشتنی پەرلەماندا یەکلایی بکرێنەوە. لەخوارەوە هەندێ وردەکاری ئەم پێشنیارە دیاری دەکەم:

خوێندنەوەی یەکەم تەنیا بۆ خستنەڕووی پرۆژەیاساکان بێ بۆ ئەوەی بخرینە بەردەستی پەرلەمانتاران، ئاراستەی لێژنە پەیوەندیدارەکان بکرێن و رای گشتی لێ ئاگاداربکرێتەوە. لێژنە پەیوەندیدارەکان لانی کەم پێویستیان بە مانگێک هەیە بۆ دیراسەکردن و وەرگرتنی راوسەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ نووسینەوەی راپۆرتەکانیان. لێرەدا پێویستە دوو مەرج بۆ لێژنەکان دابنرێت، پێویستە راپۆرت بە هاوبەشی لە نێوان لێژنەپەیوەندیدارەکان بنووسرێتەوەو بۆچوونی ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندیان لە یاساکەدا هەیە وەربگیردرێ.

خوێندنەوەی دووەم تەنیا بۆ گفتوگۆکردنی راپۆرتی هاوبەشی لێژنەکان بێ سەبارەت بە پرۆژەیاساکان، لەم دانیشتنەدا نابێ ماددەو بڕگەکانی یاساکان دابڕێژرێنەوە و دەنگیان لەسەر بدرێ، بەڵکو لێژنە پەیوەندیدارەکان تێبینی و پێشنیاری پەرلەمانتاران وەربگرن بۆ ئەوەی دواتر لە کۆبوونەوەی لێژنەکاندا سوودیان لێ ببینن بۆ داڕشتنی کۆتایی ماددەو بڕگەکانی پرۆژەیاساکە لە راپۆرتی هاوبەشدا. بۆ تاوتوێکردنی بۆچوونی پەرلەمانتاران و داڕشتنی کۆتایی یاساکان لانی کەم لێژنەکان پێویستیان بە دوو هەفتە هەیە. لێرەشدا دوو مەرجی سەرەکی هەیە، لێژنە پەیوەندیدارەکان پێویستە راوسەرنجی پەرلەمانتاران بەهەند وەرگرن و هیچ هەڵەیەکی زمانەوانیش نەهێڵنەوە، هەروەها پێویستە لایەنە پیوەندیدارەکانیش ئاگادار بکەنەوە لە داڕشتنی کۆتایی و هەفتەیەکیان پێبدرێ بۆ دوا تێبینی.

خوێندنەوەی سێیەم تەنیا بۆ دەنگدان دەبێ لەسەر راپۆرتی کۆتایی و هاوبەشی لێژنە تایبەتمەندەکان، واتە دەنگدان لەسەر یاساکە بەو شێوەیەی کە لێژنەکانی پەرلەمان دوای دیراسەکردن و وەرگرتنی راوسەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پەرلەمانتاران دایانڕشتووە. مەرجی سەرەکی لێرەدا بوارنەدانە بە گفتوگۆو داڕشتنەوەی سەرلەنوێی ماددەو بڕگەکان، هەروەها ناردنی یاسا دەنگ لەسەردراوەکە لەماوەی یەک هەفتەدا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم.

## پۆلێنکردن و دیاریکردنی کاتی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا

پێشنیاری دووەمم پەیوەندی بە دیاریکردنی کاتەکانی پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکانە. بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێ باشتر کاتەکانی ڕێکبخات و خشتەیەکی پێشوەخت بۆ دانیشتنەکانی خۆی دابنێ کە ببێتە هۆی بەرچاوڕوونی بۆ لێژنەکان و پەرلەمانتارانیش بۆ ئەوەی کاروچالاکییەکانیان لەگەڵ خشتەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بگونجێنن، بەمانایەکی تر بۆ ئەوەی پەرلەمان کەمتر کاتەکانی بەفیڕۆ بدات و عەقلانیانە مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکات، پێویستە پۆلێنی پرۆژەیاساکان بکاو کاتێکی دیاریکراو دابنێت بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکان بە شێوەیەک کە لەگەڵ کاتەکانی پەرلەمان و وادەی ناردنی پرۆژەیاسای بودجە لەلایەن حکومەتەوە بگونجێنرێ.

هەندێ وردەکاری ئەم پێشنیارە دەکرێ بەم شێوەیە بێ: پێویستە سەرەتا پرۆژەیاساکان پۆلێن بکرێن بەسەر ئەو پرۆژەیاسایانەی کە پابەندبوونی داراییان هەیە و ئەوانەی کە نیانە، واتە ئەو پرۆژەیاسانەی کە پێویستیان بە بودجەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ جێبەجکردنیان جیابکرێنەوە لەو پرۆژەیاسایانەی کە پێویستیان بە بودجە نیە. ئەو پرۆژەیاسایانەی کە پێویستیان بە بودجە هەیە پێویستە چەند مانگێک بەر لە ناردنی پرۆژەیاسای بودجەوە پێشکەش بکرێن بۆ ئەوەی بتوانرێ جێگایان بۆ بکرێتەوە لە یاسای بودجەدا. پەرلەمان ئێستا دوو کاتی پشووی هەیە لە ساڵێکدا، پشووی زستانە لە مانگی یەک و دوودا، هەروەها پشووی هاوینە لە مانگی حەوت و هەشتدا. بۆ ئەوەی سوود لە پشووەکانیش وەربگرین، پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژەیاسایانەی پابەندبوونی داراییان نیە لە پشووی زستانە پێشکەش بکرێن، ئەوکات یاسای بودجە پەسەندکراوە، هەروەها ئەو پرۆژەیاسایانەی کە پێویستیان بە بودجە هەیە لە پشووی هاوینە پێشکەش بکرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ پرۆژەیاسای بودجە بگونجێنرێن کە دەبێ لە سەرەتای مانگی دە بنێردرێ. پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە پێویستیان بە بودجەیەکی دیاریکراو هەیە هیچ مانایەکی نابێ ئەگەر دوای پەسەندکردنی یاسای بودجە پێشکەش بکرێن، چونکە ئەو کاتە هیچ بودجەیەک نەماوە بۆ ئەوەی بۆیان تەرخان بکرێ.

پرسێکی تر کە پەیوەندی بە پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکانەوە هەیە، بریتییە لە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەیاسا کە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ١٠ پەرلەمانتارە، واتە بێجگە لەو پرۆژانەی کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان دەنێردرێن، ١٠ پەرلەمانتار یان زیاتر دەتوانن پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن، یان هەندێ جار بە پێشنیاری یاسا ناوزەد دەکرێ. پرسیارەکە لێرە ئەوەیە بۆ ژمارە یاساییەکە ١٠ پەرلەمانتارە، ئایا ناکرێ کەمتر بێ ، وەک لە زۆر وڵاتی دونیا کەمترە، لە هەندێ وڵات تاکە پەرلەمنتارێک بۆی هەیە پرۆژەیاسا پێشکەش بکات. لایەنی پۆزەتیڤی کەمکردنەوەی ئەو ژمارە یاساییە بریتییە لە بەخشینی ئازادی زیاتر بە پەرلەمانتاران، هەروەها کردنەوەی بواری زیاترە بۆ پەرلەمانتاران تا لەرێی گەڕان بەدوای کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگا ، پرۆژەی جدی و گرنگ بۆ هاوڵاتیان ئامادە بکەن. بەپێی ئەزمون دەتوانم بڵێم کە زۆرجار پرۆژەیاساکان لەلایەن یەک پەرلەمانتارەوە یان لەلایەن یەک کەسەوە ئامادە دەکرێن، بەڵام لەکاتی پێشکەش کردن دا ئیمزای لانی کەم ١٠ پەرلەمانتاری بەسەرەوەیە، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ناکرێ ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە پەرلەمانتارێک بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەیاسا، هیچ نەبێ ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کەم بکرێتەوە بۆ ٥ پەرلەمانتار .

## خشتەی نەگۆڕی کارکردن

بەم شێوەیە ئەگەر کات دیاری بکرێت بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکان دەتوانرێ کاتی دیاریکراویش بۆ خوێندنەوەی پرۆژەیاساکان دیاری بکرێت و خشتەیەکی پێشوەختەش بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان دابنرێ، دواجار ئەمەش دەبێتە هۆی بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ لێژنەکان و پەرلەمانتاران کە بتوانن کاتەکانیان باشتر ڕێک بخەن. ئاسانترین شیوە بۆ ئەم کارە دابەشکردنی ئەرکەکانی پەرلەمان و پەرلەمانتارانە بۆ سەر هەر پێنج ڕۆژەکەی کارکردن لە هەفتەیەکدا، ڕۆژێک بۆ پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان و ئامادەبوونی پەرلەمانتاران لە پارێزگا و ناوچەکانیان کە لێوەی هاتوون بە مەبەستی بەدواداچوون، ڕۆژێک بۆ کۆبوونەوەی لێژنەکان و ڕۆژێک بۆ کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان، لەبەر ئەوەی هەر ئەندام پەرلەمانێک ئەندامە لە دوو لێژنە، دەبێ بەشێوەیەک خشتەی

کۆبوونەوەکان ڕێکبخرێن، کە لەهەمان کاتدا ئەنجام نەدرێن، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی لەدەستدانی یەکێکیان. بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکەین ئەمەش نابێتە چارەسەری تەواو بۆ ئەوەی ئەندامان کۆبوونەوەی لیژنەیەکیان لەدەست نەدەن، چارەسەرێکی بنەڕەتی ئەوەیە کە پەرلەمانتاران ئەندام بن تەنیا لە لیژنەیەک. سەبارەت بە خشتە نەگۆڕەکەی کارکردن، دەکرێ دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بۆ کۆبوونەوەکانی هۆڵی پەرلەمان تەرخان بکرێ، چ بۆ گفتوگۆکردن بێ یان دەنگدان، چ بۆ بانگهێشت و لێپرسینەوەی حکومەت بێ.

## پێکهێنانی دەستەی باڵای پەرلەمان

بۆ ئەوەی شەفافیەت لە دانانی ئەجێندای پەرلەمان هەبێ و پێکهاتە سیاسییەکانی پەرلەمان ببن بە بەشێک لە دەستەی بەڕێوەبردنی یان سەرۆکایەتی پەرلەمان ، واتە بۆ زامنکردنی نوێنەرایەتی فراکسیۆن و حیزبەکانی ناو پەرلەمان، پێویستە پەرلەمان ئەنجومەنێکی یان دەستیەکەی بەڕێوەبردنی هەبێ، کە پێکهاتبن لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی، سەرۆکی فرکسیۆنەکان (بێگومان فراکسیۆنە گەورەکان، نەک بەپێی ئەو سیستمەی ئێستا کە هەر کەسێک دەتوانێ فراکسیۆنێک پێک بێنێ)، هەروەها بەڕێوەبەری گشتی دیوان، ئەمەش ئەگەر دانانی بەڕێوەبەری گشتی لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێبدرێ، نەک بە دامەزراندن. بۆ ئەوەی بەڕیوەبەری گشتی دیوان تەنیا گوزارشت نەکا لە ئیرادەی سەرۆکی پەرلەمان، پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێ. ئەنجومەنێکی لەو جۆرە وا دەکات لایەنەکان زیاتر ئاگایان لەیەک بێ و ئاسانتر هەندێ بڕیار بدرێ، ئەمە بێجگە لەوەی بەرنامەی کاری پەرلەمان بە هەماهەنگی نێوان لایەنەکان ئامادە دەکرێ، ئیدی هیچ لایەک گلەیی نابێ.

## کاتبەندی و ریزبەندی بۆ گفتوگۆکردن

بۆ بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان  پێویستە کاتبەندی هەبێ و سنورێک هەبێ بۆ قسەکردن، ئەگینا کۆنترۆڵکردن و ئیدارەدانی گفتوگۆکان ئەستەم دەبێ. لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا میکانیزمێکی روون نیە بۆ بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان، چ ئەوەی پەیوەندی بە گفتوگۆی پرۆژەیاساکانەوە بێ، یان ئەو گفتوگۆیانەی کە پەیوەندیان بە بانگهێشت و لێپرسینەوەی حکومەتەوە بێ، بۆ نمونە چەند  و چەند کەس بۆیان هەیە قسە بکەن، لەسەر بنەمای فراکسیۆن، لیژنە یان چ پێوەرێک هەیە. ئەگەر پرۆژەی حکومەت یان زۆرینە گفتوگۆ بکرێ، چەند رێ بە ئۆپۆزیسیۆن دەدرێ، یان ئەگەر قسە لەسەر پرۆژەیەکی ئۆپۆزیسیۆن بێ، زۆرینە چەند کاتی پێ دەدرێ. ئەوەی کە ئێستا هەیە و پەیرەو دەکرێ،  گرنگی بەو جیاوازیانە نەداوە، لە راستیدا ئۆپۆزیسیۆن پێگەیەکی نیە لە پەیڕەوی کارپێکراودا، کە ئەمەش کێماسییەکی گەورەیە بۆ پەیڕەوێک کە حیسابی بۆ پێکهاتەیەکی سەرەکیی ناو گەمەی سیاسی ناو پەرلەمان نەکردبێ.

 بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین میکانیزمێک بۆبەشداری کردن لە گفتوگۆکانی پەرلەمان دانەندراوە، بێجگە لەوەش سنورەکانی قسەکردن دیار نیە، زۆرجار میزاجی سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرسە یەکلایی دەکاتەوە، ئەمەش لەگەڵ بیرۆکەی بەدامەزراوەیی کردن ناگونجێ، دەبێ پشکی دیاریکراو بۆ بەشداری فراکسیۆنەکان هەبێ، و کاتی دیاریکراو بۆ قسەکردنی پەرلەمانتاران هەبێ، خستنەروو چەند دەقەی بۆ تەرخان دەکرێ و وەڵامدانەوە چەند دەقە بێ و چەند جار بوار بۆ وەڵامدانەوە دەبێ، ئەگەر کاتەکانی گفتوگۆکردن پیشبینی کراو نەبن، پەرلەمانتاران بەرچاویان روون نابێ و ئەجامگیری لە گفتوگۆکان بە ئاسانی بەدەست  نایەت.

## نەهێشتنی نیساب بۆ دانیشتنی گفتوگۆکان

پرسێکی تر کە پەیوەندی بە رێکخستنی دانیشتن و گفتوگۆکانەوە هەیە، بریتیە لە بابەتی نیساب، واتە ئەگەر رێژەیەکی دیاریکراو، باشتر بڵێم زیاتر لە نێوی پەرلەمانتاران، ئامادەی دانیشتنەکانی ۆەرلەمان نەبن، ئەوا دانیشتنەکە ناتوانرێ ئەنجام بدرێ، ئەم سیستمە وای کردووە کە هەمیشە ژمارەی ئامادەبووانی دانیشتنەکان زۆر بێ، من کێشیەکی ئەوتۆم لەگەڵ ئەو دانیشتنانە نیە کە بۆ دەنگدان تەرخان کراون، چونکە هەموو فراکسیۆنەکان هەقی خۆیانە ئەندامانیان هان بدەن کە ئامادەی دانیشتنی دەنگدان بن بۆ ئەوەی بە قازانجی

فراکسیۆنەکەی خۆیان دەنگ بدەن. بەڵام ئەوەی کە مایەی گرفتە لە پرسی نیساب دا، دانیشتنی گفتوگۆکانە، هەندێ جار ئەزمون نیشانی دەدات کە نزیکەی سەرجەم پەرلەمانتاران لەسەر پرسێک قسەیان کردووە، ئەمەش بەبێ سنورێکی روون بۆ کات و درێژی گفتوگۆکان، پرسی نیساب وایکردووە، پەرلەمانتارێکی زۆر لە دانیشتنەکان ئامادە بن، بەبێ ئەوەی هیچ شارەزایی و پەیوەندییەکان بە گفتوگۆکانەوە هەبێ، زۆر جار بینیومانە شارەزایەکی سەربازی قسە لەسەر ریفۆرمی پەروەردەیی دەکات، دەبینین نەشارەزاکان کاریگەریان لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی پڕۆژەیاسایەک دەبێ کە دواتر هیچ مانایەک بۆ بوونی لێژنەی تایبەتمەند و پسپۆڕ نامێنێ.

پیشنیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر لە دانیشتنی گفتوگۆکان مەرجی نیساب هەڵگیرێ، ئەوا لەکەشێکی گونجاوتر پڕۆژەیاساکان دەتوانرێ گفتوگۆ بکرێن و لەلایەن خەڵکانی پسپۆڕەوەش.

## پێناسەکردنەوەی ئەرک و دەسەڵاتەکانی لێژنەکان

بەشێوەیەکی گشتی هەر لێژنەیەک پێوستە ئەرک و پانتایی ئیشکردنی دیار بێ و بە روونی پێناسە کرابێ، بۆ ئەوەی پانتایی ئیشکردنی لێژنەکان تێکەڵ بەیەک نەبێ، هەرچەند سنوری کارکردنی لێژنەکان دیار بێ، باشتر دەتوانن تەرکیز بکەنە سەر بوارەکەی خۆیان، هەروەها تا چەند پانتایی ئیشکردنی لێژنەکان تەریب بنەوە لەگەڵ کاروباری وەزارەتێکی دیاریکراو یان دەزگایەکی دیاریکراو ، باشتر دەتوانرێ هەماهەنگی، بەدواداچوون وچادێری ئەنجام بدری لەلایەن لێژنەوە لەبەرامبەر وەزارەت یان ئەو دەزگایەی کە دەکەوێتە پانتایی ئیشکردنی.

لەبەر ئەوەی لێژنەکان پەرلەمانێکی بچوککراوەن و هەموو ئەرکەکانی پەرلەمان بە لێژنەکاندا تێدەپەڕن، پێویستە راستەوخۆ بتوانن لە پەیوەندی دابن لەگەڵ وەزارەتەکان، بەبێ میانگیری و گەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بتوانن بانگهێشتی وەزیرەکان بکەن بۆ لێژنەکانیان، بەم شێوەیە هەم پێگەی لێژنەکان بەهێزتر دەبێ، هەم پرۆسەی هەماهەنگی و چاودێریکردن باشتر بەڕیوە دەچێت.

بێجگە لەوەی کە پێشتر پێشنیاری دروستکردنی سکرتاریەتی لێژنەکانم کرد، کە لانی کەم لە پینچ کەس پێک بێن، و ئەرکی ئەو سکرتاریەتەش دەبێ دیاری بکرێ و ئاسانکاری و ئامادەکاری بۆ لێژنەو ئەندامەکان ئەنجام بدەن لەرووی ئامادەکردنی کۆبوونەوەکان، نووسینەوەی کۆنووسەکان، داڕشتنەوەی رای لێژنە لە چوارچێوەی راپۆرتی لێژنەکان، پەیوەندییەکانی لێژنەو کاروبارە کارگێڕییەکان، بۆیە سکرتاریەتی لێژنە دەبێ لە کۆبوونەوەکانی لێژنە بەشدار بن بۆ ئاسانکاری و ئامادەکاری و راوێژ لەرووی تەکنیکییەوە.

لە پەیڕەودا پێویستە بەهەمان شێوە پرسی پەیوەندی لێژنەکانی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی و بە فراکسیۆنەکان و هەروەها لەگەڵ دیوانیش دیاری بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی سیستماتیک و لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بەڕیوەبچن، نەوەک میزاجی کەسەکان کاریگەریان هەبێ لەسەر پەیوەندییەکان.

## گۆڕینی ئەرکی لێژنەی یاسایی

لێژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان نەک تەنیا پێداچوونەوە و داڕشتنەوە بۆ هەموو پڕۆژەیاساکان دەکا، بەڵکو راپۆرتی لێژنەش لەسەر هەموویان دەنووسێ، واتە نەک تەنیا لەرووی فۆرمەوە، بەڵکو لە رووی ناوەڕۆکیشەوە لێژنەی یاسایی ئەرکی تاوتوێ کردنی لە ئەستۆیە، وەک باویشە بەبێ راپۆرتی لێژنەی یاسایی خوێندنەوەی دووەم بۆ هیچ پڕۆژەیاسایەک ناکرێ. لەبەر ئەوەی لێژنەی یاسایی ناکرێ پسپۆڕیان هەبێ لە هەموو ئەو بوارانەی کە پانتایی کارکردنی لێژنەکانی دیکەی پەرلەمانە، هەروەها کاتیش بەشناکات بۆ لێژنەی یاسایی کە رای خۆیان سەبارەت بە ناوڕۆکی هەموو پڕۆژەیاساکان بدەن و راپۆرت ئامادە بکەن و لەرووی فۆرمەوە پێیان دابچنەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ئەرکە بەدەرە لە توانای لێژنەیەک، دەکرێ چارەسەرێک بۆ پێداچوونەوە بە ئەرکی لێژنەی یاسایی ئەمەی خوارەوە بێ:

لێژنەی یاسایی تایبەتمەند بکرێ بە سیستمی دادوەری، واتە وەک چۆن لێژنەکانی دیکە سەروکاریان لەگەڵ وەزارەتێک یان دەزگایەکی تایبەتە، بە هەمان شێوە تەرکیزی لێژنەی یاسایی لەسەر دادگاکان و وەزارەتی داد

بێت، هەر وەک چۆن ئێستاش ئەم ئەرکەی پیادە دەکات، ئەو پرس و پرۆژەیاسایانە توتوێ بکات کە تایبەتە بە سیستمی دادوەر و چاودێری ئەو سیستمە بکات. دەکرێ لەپاڵ ئەمەدا ئەو ئەرکەشی پێ بسپێردرێت کە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو پرۆژەیاسا و پرۆژەبڕیارانە بکات کە لە پەرلەمان تاوتوێ دەکرێن، تا چەند کۆک و گونجاون لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکان و دەستور (هەرچەندە ئێمە تا ئێستا لەهەرێم رەشنووسی دەستورمان هەیە، بەڵام دەستوری عێراق هەیە). دەکرێ لێژنەی یاسایی ئەو رۆڵە ببینێ، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر لێژنەی دەستوریی لە پەرلەمان پێک نەیەنرێت بەپێی پەیڕەوی نوێی. سەبارەت بە فۆرم و داڕشتنەوەی یاسایی پێویستە ئەم ئەرکە لە سکرتاریەتی لێژنەکان ئەنجام بدرێ و خەڵکی شارەزا لە رووی یاسایی و زمانەوانییەوە لە سکرتاریەتی هەموو لێژنەکان هەبێ بۆ ئەم کارە، هەروەک لە پێشتر پێشنیارمان کردووە.

## پێناسەکردنەوەی ئەرک و  پێگەی فراکسیۆنەکان

فراکسیۆن کە رەگەزێکی هەرە گرنگی پەرلەمانە پێگەیەکی ونی هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆی کارپێکراو، هەمووان دەزانن کە راو هەڵوێستی پەرلەمانتاران بەشێوەیەکی گشتی لە فراکسیۆنەکان گەڵاڵە دەبێ، بەڵام وەزیفە و رۆڵی فراکسیۆن بەپێی پەیڕەوی ئێستای پەرلەمان دیار نیە. فراکسیۆن بەفەرمی هیچ پەیوەندییەکملە نێوانی فراکسیۆن و لێژنەکانی پەرلەمان نیە، مەگەر لەرێی ئەندامانی فراکسیۆنەوە نەبێ، ئەمەش بە سیفەتی ئەندام بوونیان لە لێژنەکان، نەوەک نوێنەری فراکسیۆنەکان.

پرسێکی تر کە پەیوەندی بە پێگەی فراکسیۆنەکانەوە هەیە، بریتیە لە پەیوەندی نێوان فراکسیۆنەکان لەلایەک و پەیوندی فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەلایەکی ترەوە، بۆ دیاریکردنی ئەم پەیوەندیانە پێویستە میکانیزمی دیار و گونجاو هەبێ. لەبەر ئەوەی تاوتوێ کردنی پرۆژەیاساکان پەیوەندی راستەوخۆی بە هەڵوێستی فراکسیۆنەکانەوە هەیە، پێویستە فراکسیۆنەکان بەشدار بن لە دانانی بەرنامەی کاری پەرلەمان.

نەبوونی پێناسەیەکی ورد لە پەیڕەوی ناوخۆی ئێستادا بۆ پێکهاتەی فراکسیۆن، واتە ژمارەیەکی دیاریکراوی پەرلەمانتار لە فراکسیۆنێکدا، وای کردووە کە هەر تاکە پەرلەمانتارێک دەتوانێ بۆ خۆی فراکسیۆنێک پێک بهێنێ، بەم جۆرە لەهەردوو خولی سێهەم و چوارەمی پەرلەماندا زیاتر لە ١٥ فراکسیۆن هەبووە / هەیە، لە پەرلەمانێک کە لە ١١١ پەرلەمانتار پێک دێت، بەمەش هیچ مانایەک بۆ فراکسیۆن نامێنێ. لێرەوە نازانرێ چۆن مامەڵە لەگەڵ فراکسیۆنێک بکرێ کە تەنیا لە یەک پەرلەمانتار پێکهاتووە و بەبەراورد لەگەڵ فراکسیۆنێک کە لە ٣٠ پەرلەمناتر زیاتر پێک دێت. نوێنەرایەتی فراکسیۆنە بچوکەکان چۆن لە لێژنە هەمیشەیی و کاتییەکان دیاری دەکرێت، ئەمە گرفتێکی گەورەیە. لەبەر ئێمە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەماندا بەربەستێک نیە بۆ ئەو لایەنانەی کە دەتوانن بێنە ناو پەرلەمانەوە، (لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بەربەستی ٣ ٪ هەبوو، بۆیە حیزبە بچوکەکان کە کە متر لە سێ لە سەدای دەنگەکانیان هێنا، نەیانتوانی بچنە ناو پەرلەمانەوە، بەلام لە هەڵبژاردنی خولی دووەمەوە ئەم ئەم بەربەستە نەماوە) . بەهەرحال مادام ئێستا بەربەستی هەڵبژاردن نیە، پێویستە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دیاری بکرێ کە فراکسیۆن نابێ لانی کەم کەمتر لە ٥ پەرلەمانتار پێک بێ، ئەوانەی نەیانەوێ خۆیان لەناو فراکسیۆنێکی پێنج پەرلەمانتاری یان زیاتر بگونجێنن، مامەڵەی فراکسیۆنیان لەگەڵ نەکرێ. بوونی زۆریی فراکسیۆنکاروبارەکانی پەرلەمان، رێککەوتن و دروستکردنی کۆدەنگی ئەستەم و خاو دەکات.

## دیاریکردنی پەیوەندی دەزگاکانی چاودێریی بە پەرلەمانەوە

چەند دەزگایەکی گرنگی چاودێریی بەپێی یاساکانی خۆیان سەربە پەرلەمانن یان پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ پەرلەمانە لەرووی مەرجەعیەت و کۆمەڵێ پرسی ترەوە، بۆ نمونە دەزگای دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەستپاکی و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا میکانیزمێک نیە بۆ پەیوەندی نێوان ئەو دەزگایانەو پەرلەمان، ئەمە لەکاتێکدا ئەم دەزگایانە دەتوانن ببنە چاوی پەرلەمان ئەگەر پەیوەندییەکی دامەزراوەیی، لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی دوولایەنە لەو نێوانەدا هەبێ. دەبێ لە پیڕەودا بە روونی بنوسرێ کە

رۆڵ و بەرپرسیاریێتی ئەو دەزگایانە لەبەرامبەر پەرلەماندا چییە و بە پێچەوانەشەوە، هەروەها چاوڕوانیەکان لەیەکتر چییە.

### زیادکردنی ئەرکی چوارەمی پەرلەمان،

### بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە

پەرلەمانی کوردستان لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی هەرێم یان پەیوەندییەکانی هەرێم بە دەرەوەی خۆی و لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە بەغدا، کەمترین کاریگەری هەیە، لە پەیڕەوەکەشی باس لە سیاسەتی دەرەوە و ئەو بوارە بە گشتی نەکراوە، لەو رووەوە رۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە رۆڵی ئەنجومەنێکی پارێزگا دەچێ نەک پەرلەمانی هەرێمێک. ئەگەر پەرلەمان نوێنەری هاوڵاتیانی هەرێم و مەرجەعی یەکلاکردنەوەی پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکان بێ، ئەوا بێگومان ناکرێ بەشداری نەکات لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات و پەیوەندییەکانی وڵات بە دەرەوەی خۆی. پێویستە لە پەیڕەوی نوێدا باس لە ئەرکی بەشداری پەرلەمان لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکانی هەرێم بکات، بۆ ئەم مەبستە پێویستە لێژنەی دەرەوە هەبێ و پێکهاتبێ لە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنە سەرەکییەکان. ئەو لێژنەیە چاودێری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بکاو هەر سەردانێکی رەسمی بەرپرسانی هەرێم بۆ وڵاتانی دەرەوە  بەو لێژنەیەدا تێپەڕێت.

### ڕێسای ئاکاری پەرلەمانتاریی

دوا پێشنیار دەکرێ بوونی پاشکۆیەک بێ بۆ پەیڕەوی ناوخۆی نوێ، ئەمیش ڕێسای ئاکاری پەرلەمانتاریی، کە تیایدا کۆمەڵێ پرەنسیپی ئەخلاقی و پابەندبوون بۆ پەرلەمان، راستتر بڵێم، بۆ پەرلەمانتاران دیاری دەکا لە کاری رۆژانەیاندا. ڕێسای ئاکاری پەرلەمانتاریی، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بوونی هەیە، زۆر لە پەرلەمانەکانی دونیاش ڕێسای ئاکاری کاری پەرلەمانتاری تایبەت بە خۆیان هەیە، لە هەندێ وڵات ئەم ڕێسایە بەشێکە لە پەیڕەوی ناوخۆیان، بە:لام لە هەندێکی دیکە دەکرێ وەکو پاشکۆ یان بە جیا هەبێ. دەکرێ ناوی جیاوازی هەبێ، بۆ نمونە ئیتیکی پەرلەمانتاریی، ڕێسای ەکاری پەرلەمانتاری، یان پرەنسیپی کاری پەرلەمانتاری، هەندێ کاتیش وەکو ڕێبەری کاری پەرلەمانتاریی دەکرێ ناوزەد بکرێ، گرنگ ناوەکەی نیە، بەقەد ئەوەی کە جێگیرکردنی کۆمەڵێ پرەنسیپە، کە جۆرێک لە پرۆفیشیناڵی و پابەندبوونی ئەخلاقی دەدات بە کاری رۆژانەی پەرلەمانتار. من باس لە پرەنسیپەکانی ناو ئەو ڕێسای ئاکاری کاری پەرلەمانتارییە ناکەم، چونکە پەرلەمانی کوردستان دۆکیومێنتێکی لەو جۆرەی نیە، بەڵام دەکرێ لە پەیڕەوی ناوخۆی نوێ پەرلەماندا ئاماژە بەوە بکرێ کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان دۆکیومێنتێکی لەوجۆرەی هەبێ و ببێت بە پاشکۆی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی بدات بە پابەندبوونەکان.

## ١٢. کۆتایی

بوونی پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان بە زەروری دەزانرێ، نەک لەلای پەرلەمانتارانەوە یان چاودێرانی ناوخۆیی، بەڵکو لەلای شارەزایانی نێودەوڵەتیش پێشنیاری لەو جۆرە کراوە، خوێندنەوەی شارەزایانی دەزگای وێستمینیستەر بۆ دیموکراتی ـ بەریتانی (WFD) و پەیمانگای دیموکراتی نیشتیمانی ـ ئەمریکی (NDI) لە راپۆرتی تایبەتی خۆیان باسیان لە کەموکورتییەکانی پەیڕەوی ناوخۆی کارپێکراویان کردووە (راپۆرتەکان لە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێدراوە).

گرفتەکانی پەیڕەوی ناوخۆی کارپێکراوی پەرلەمان هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، لە پەیکەری کارگێڕییەوە بگرە تا میکانیزمەکانی یاسادانان، چاودێریکردن، کاتبەندی، دەسەڵاتەکان و پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکان. ئەم گرفتانە ئەدای پەرلەمانیان لاوازکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەمەش پێگەی پەرلەمان لەبەرامبەر دامودەزگاکانی تری وڵات، بەتایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لاواز بووە.

بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان و بەهێزکردنەوە پێگەی پەرلەمان کە لە ئاست ئەرک و چاوەڕوانییەکان دابێ، پێویستە پەرلەمان پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێی هەبێ، چ بە هەموارکردنی پەیڕەوە کۆنەکە بێ یان دارشتنی پەیڕەوێکی نوێ، بەشێوەیەک کە لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکان و بنەما کارگێڕییە چالاکەکان بگونجێ.

لە پەیڕەوی نوێی پەرلەماندا پێویستە حیساب بۆ کات و کاتبەندی بکرێ، واتە سەرمایەگوزاری لەسەر کات بکرێ و کات بەهەدەر نەدرێ، بۆ ئەمەش گرنگترین هەنگاو بوونی خشتەی نەگۆڕی کارکردنەو دیاریکردنی سنور میکانیزمی قسەکردنە. پێویستە ڕێکارەکانی دەرکردنی یاسا و چاودێریکردن ون و ئاشکرا بن و هیچ بوارێک بۆ لێکدانەوەی میزاجی نەکرێ. لە پرۆسەی تاوتوێ کردنی یاساکاندا گرنگترین شت لێک جیاکردنەوەی پرۆسەی گفتوگۆکردن و دەنگدانە لە یەکتری، واتەی بوونی خوێندنەوەی سێیەم. سەبارەت بە پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکان، پێویستە جۆرێک لە پۆلێنکردن هەبێ لەسەر بنەمای ئەو پرۆژەیاسایانەی کە پابەندبوونی داراییان تێدایەو ئەو پرۆژەیاسایانەی کە پابەندبوونی داراییان نیە، کاتی پێشکەشکردنیان دیاری بکرێ، بەشێوەیەک کە پێشکەش کردنی کاتیگۆری یەکەم، ئەو پرۆژەیاسایانەی کە پابەندبوونی داراییان هەیە، بکەونە پیش پێشکەش کردنی بودجە.

لە پەیڕەوی نوێدا دەبێ پێناسەی فراکسیۆن و لیژنەکان و و بەشەکانی دیکە بە شێوەیەک بکرێ کە ئەرک و ئامانج و دەسەڵاتەکانیان بەروونی دیار بێ، دەسەڵاتی زیاتر بدرێ بە لیژنەکان، چونکە لیژنەکان بریتین لە پەرلەمانێکی بچوکراوەو کاروبارەکانی پەرلەمان بەشێووەیەکی گشتی بە لیژنەکاندا تێدەپەڕن.

گفتوگۆکانی پەرلەمان دەبێ تایبەت بکرێن بە لیژنە تایبەتمەندەکان و کەسە شارەزاکان، ئەمەش نەک بە قەدەغەکردنی پەرلەمانتارانی ئەو لیژنانەی کە پەیوەندیدار و تایبەتمەند نین، بەڵکو لەڕێی هەلگرتنی مەرجی نیسابی یاسایی بۆ دانیشتنی گفتوگۆکان.

دیارە دەکرێ باس لە زۆر گۆڕانکاری و پێشنیاری تر بکەین، بەڵام ئەم هێڵە گشتییانەی کە لێرە باس کراون، دەکرێ ببنە ڕێنیشاندەریک بۆ پەرلەمانتاران و لیژنەی کاتیی پەیڕەوی ناوخۆ، کە ئەرکی ئامادەکردنی پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێیە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ ئەو گرفتە بنەماییانەی کە ئێستا هەیەتی. دواجار هیوادارم لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ پێسنیار و ڕاسپاردەکانی ئەم تۆژینەوەیە بەهەند وەرگرن، چونکە بابەتیانە و زانستیانە مامەڵە لەگەڵ پرسی پەیڕەوی ناوخۆ کراوە.

# ١٣. سەرچاوەکان


## دۆکیومێنت

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو

بڕیاری ژمارەی ١٠ ی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە دروستکردنی لیژنەی کاتیی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

د. دانا سەعید سۆفی، ٩٣ پرۆژەیاسای خولی سێهەم، راپۆرتێک لەبارەی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە لە خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان بە تاوتوێ نەکراوی ماونەتەوە، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ١٤، ساڵی ٢٠١٤ هەولێر

راپۆرتی کۆتایی لەبارەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، لەلایەن پەیمانگەی دیمۆکراسی نیشتمانی بۆ لیژنەی یاسایی ئامادەکراوە، تەموزی ٢٠١٠ هەولێر

راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی سوید، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە و لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢ نووسراوەو لەلایەن سەرۆکی شاندەکە، د. دانا سەعید سۆفی ئامادەکراوە وئیمزاکراوە

PAUL SILK, *RULES OF PROCEDURE OF THE KURDISTAN PARLIAMENT GENERAL COMMENTS*, WFD Report, 16 March 2012

Robert, Henry M. *Robert's Rules of Order Newly Revised*, 10th ed. 2000

## دیدار و گفتوگۆ

دیداری رووبەروو لەگەڵ کاردۆ ئەحمەد ، پەرلەمانتاری خولی سێهەم، راوێژکاری تایبەتی سەرۆکی پەرلەمان، ٢٠١٤/١٠/٢٠

دیداری تەلەفۆنی لەگەڵ د. رۆژان دزەیی، پەرلەمانتاری خولی سێهەم، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی لوبنانی ـ فەرەنسی، ٢٠١٤/١١/١٥

دیداری تەلەفۆنی لەگەڵ عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری خولی سێهەم، ٢٠١٤/١١/١٥

دیداری تەلەفۆنی و دیداری رووبەروو لەگەڵ خەلیل عوسمان، پەرلەمانتاری خولی سێهەم، ٢٠١٤/١١/١٦

دیداری تەلەفۆنی  لەگەڵ د. فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری خولی چوارەم، سەرۆکی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ، ٢٠١٤/١١/١٧

دیدارێک لە شێوەی فۆکەس گروپ لەگەڵ لیژنەی پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆ، ئامادەبووانی دیدارەکە بریتی بوون لە پەرلەمنتاران: د. فرسەت سۆفی، قارەمان قادر فەتاح، گەشە دارا جەلال، ئەبوبەکر عومەر عەبدوللا، د. رێواس فایەق حوسێن، ئامینە زکری، ، عەبدولرەحمان فارس عەبدولرەحمان، د. شوان قەڵادزەیی، وەحیدە یاقوب)، ٢٠١٤/١١/٣٠

## سەرچاوەی ئەلیکترۆنی

وێبسایتی پەرلەمانی سوید www.riksdagen.se

وێبسایتی پەرلەمانی بەریتانی www.parliament.uk

وێبسایتی کۆنگرێسی ئەمریکی www.congress.gov

وێبسایتی پەرلەمانی کەنەدی www.parl.gc.ca

وێبسایتی پەرلەمانی دانمارکی www.thedanishparliament.dk

وێبسایتی پەرلەمانی ئیستۆنی www.riigikogu.ee

وێبسایتی پەرلەمانی لوبنانی www.lp.gov.lb

وێبسایتی پەرلەمانی ئوسترالی www.aph.gov.au